
بیرورایێکی کورت
لەسەر دروستبوونی ئادەم
فیصل رسول

بِسْمِ اللَّـهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ

Faisal Rasul

# پێشەکی

سەرەتا ئەمە تەنها بەدواداچوونێکی خۆمە بۆ ئەو مەسەلەیە کە پێشتر لەلام ببوو بە کێشە و نەمدەتوانی بگەمە ئەنجام وە نەمەتوانی وەلامی هەندێك پرسیار وەرگرم، بۆیە بریارم دا لێکۆڵینەوەیێکی کورتی لەسەر بکەم هەتاوەکوو بگەمە ئەنجامێکی یێکلاکەرەوە، بۆیە دوای ماندووبوونێکی زۆر و سەیرکردنی چەندین سەرچاوەی جیاواز گەیشتم بە چەند سەرچاوەیێکی بەهێز کە رای منیان گۆری و توانیم وەلامی پرسیارەکانی خۆم تێیدا وەرگرم، بەتایبەتی پەرتوکی هەردوو ماموستای بەرێز ناسری سوبحانی وە دکتۆر عمرو شریف کە هەر یێکێکیان پەرتوکێکی پر بەهایان هەیە لەو بوارانە، بەناوەکانی خەلقی ئادەم وە بوونەوەر چۆن بەدیهات، بۆیە پێشنیارتان بۆ دەکەم کە ئەگەر بتانەوێ بگەنە یەقین لەسەر ئەو باسە بگەرێنەوە بۆ ئەو دوو سەرچاوەیە وە چەندین سەرچاوەی دیکەش بوونیان هەیە، کە باس لەوە دەکەن پێش ئادەم مرۆڤ بوونی هەبووە .

Faisal Rasul

**ئێمه و عیسا و ئادەم علیه سلام له خۆڵ دروستکراوین**

زۆربەی ئەوانەی دەڵێن ئادەم علیه سلام له خوڵ دروستکراوه ئەم ئایەته پیرۆزه دەکەنه بەڵگه و دەڵێن قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێداوه که ئایەتەکه دەفەرمووێ:

إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ ٱللَّهِ كَمَثَلِ ءَادَمَ ۖ خَلَقَهُۥ مِن تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ [٥٩]ال عمران

بەڕاستی وێنەی(دروست بوونی) عیسا لای خوا وەک وێنەی ئادەم وایه که دروستی کرد له گڵ له پاشان پێ ی وت ببه، ئەویش بوو.

ئێمه دەزانین عیسا علیه سلام دایکی هەبوو و باوانی هەبووه، بەڵام چونکه وتوویەتی لەبەر ئەوەی بنجینەی له خۆڵه... ئەی بۆ بۆ ئادم علیه سلامیش هەمان شت نالێین ؟

ئایەتێکی دیکه خوای گەوره دەفەرمووێ:

قَالَ لَهُۥ صَاحِبُهُۥ وَهُوَ يُحَاوِرُهُۥٓ أَكَفَرْتَ بِٱلَّذِى خَلَقَكَ مِن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ سَوَّىٰكَ رَجُلًا [٣٧]الكهف

هاوڕێ (ئیمانداره) کەی پێی وت له کاتێکدا که گفتوگۆی لەگەڵدا دەکرد ئایا تۆ بێ باوەڕیت بەو زاتەی که تۆی له خاك دروست کردووه پاشان له دڵۆپه ئاوێك پاشان کردوێتی به پیاو.



Faisal Rasul

لێره باسی كەسانی ئیمانداره كه پێی دەڵێ له خۆل دروستكراوی .

له ئایەتێكی دیكه باسی هەموو مرۆڤایەتی دەكات و دەفەرمووێ:

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمۡ فِي رَيۡبٖ مِّنَ ٱلۡبَعۡثِ فَإِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن تُرَابٖ ثُمَّ مِن نُّطۡفَةٖ ثُمَّ مِنۡ عَلَقَةٖ ثُمَّ مِن مُّضۡغَةٖ مُّخَلَّقَةٖ وَغَيۡرِ مُخَلَّقَةٖ لِّنُبَيِّنَ لَكُمۡۚ وَنُقِرُّ فِي ٱلۡأَرۡحَامِ مَا نَشَآءُ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى ثُمَّ نُخۡرِجُكُمۡ طِفۡلٗا ثُمَّ لِتَبۡلُغُوٓاْ أَشُدَّكُمۡۖ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰٓ أَرۡذَلِ ٱلۡعُمُرِ لِكَيۡلَا يَعۡلَمَ مِنۢ بَعۡدِ عِلۡمٖ شَيۡـٔٗاۚ وَتَرَى ٱلۡأَرۡضَ هَامِدَةٗ فَإِذَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡهَا ٱلۡمَآءَ ٱهۡتَزَّتۡ وَرَبَتۡ وَأَنۢبَتَتۡ مِن كُلِّ زَوۡجِۭ بَهِيجٖ [٥]

ئەی خەڵكینه ئەگەر ئێوه له گوماندان دەربارەی زیندوو بوونەوه ئەوسا (بزانن) بەڕاستی ئێمه ئێوەمان دروست كردووه له خاك (خۆڵ) پاشان (نەوەكان) له نوتفەیەك (دروست دەبن) دواتر (دەبێته) خوێنی مەبیو دوا ئەوە(دەبێته) پارچه گۆشتێك شكڵ و شێوه كێشراوو شكڵ و شێوه نەكێشراو بۆ ئەوەی ڕوونی بكەینەوه بۆ ئێوه وه له منداڵداندا دەیهێڵینەوه (ڕایدەگرین) ئەو (بێچو) ەی بمانەوێ (لەبار نەچێ) تا كاتێكی دیاری كراو پاشان (له سكی دایكتان) دەرتان دێنین به ساوایی پاشان گەوره دەبن تا دەگەنه تەواوی هێزو تواناتان وه (لەم تەمەنەدا) هەندێكتان دەمرێنرێ وه هەندێكتان دەگەیەنرێنه ئەو پەڕی پیری، بێ كەڵكترینی تەمەن بۆ ئەوەی نەزانێ و له بیری نەمێنێ هەرچی كه دەیزانی وه زەوی دەبینی (له زستاندا) خامۆشه وشك و بێ گیایه جا كاتێ بارانمان بەسەردا باراند زەوی (ڕووەكی لێی دەڕوێ و) دەجوڵێ زەوی هەڵ دەدات(بەرز دەبێت) و (زەوی) دەڕوێنێ له هەموو جۆره (گیاو گوڵێكی) جوان.

خۆ هەموومان دەزانین ئەوانە باو باپیرانیان هەیە و دیارن، بەلام وا هەژماری دەکەین کە سەرەتاکەیان لە خۆل دروستکراوە، پرسیار ئەوەیە بۆچی بۆ ئادەم علیه سلامیش هەمان تێروانینمان نەبێت ؟

Faisal Rasull

**سەرچاوەی ژیان لە قورئان**

**ئەوانیش هاوشێوەی ئێمەن کۆمەڵەن**

أَوَلَمْ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَٰهُمَا ۖ وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ ۖ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ [٣٠]

ئایا نەیان دی (نەیان زانیوە) ئەوانە بێ بڕوا بوون کە ئاسمانەکان و زەوی هەردووکیان پێکەوە لکابوو (یەك پارچە بوون) ئینجا لە یەکترمان جیاکردنەوە وە فەراهەممان هێنا لە ئاو هەموو شتێکی زیندوو دەی ئایا ئەوانە هەر باوەڕ ناهێنن ؟.

الانبياء ٣٠

وَٱللَّهُ خَلَقَ كُلَّ دَآبَّةٍ مِّن مَّآءٍ ۖ فَمِنْهُم مَّن يَمْشِى عَلَىٰ بَطْنِهِۦ وَمِنْهُم مَّن يَمْشِى عَلَىٰ رِجْلَيْنِ وَمِنْهُم مَّن يَمْشِى عَلَىٰٓ أَرْبَعٍ ۚ يَخْلُقُ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ [٤٥]

وە خوا هەموو زیندەوەرێکی لە ئاو دروست کردووە ئینجا هەندێ لەوانە لەسەر سکی دەڕوات وە هەندێکی تریان لەسەر دوو قاچ دەڕوات وە هەشیانە لەسەر چوار پێ دەڕوات خوا هەرچی بوێ دروستی دەکات بێگومان خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

النور ٤٥

واته بنچینەی هەمووان دەگەرێتەوە سەر یێك شت کە ئاو و خۆلە، پاشان قۆناغەکانی دیکە بە شێوەییێکی درێژ رویداون..

وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا طَٰٓئِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم ۚ مَّا فَرَّطْنَا فِى ٱلْكِتَٰبِ مِن شَىْءٍ ۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ [٣٨]

هیچ گەڕۆکێکی گیانلەبەر نی یە لە زەوی دا وە هیچ باڵندەیەك نی یە کە دەفڕێ بە هەردوو باڵەکەی مەگەر ئومەتانێکن وەك ئێوە هیچ شتێکمان فەرامۆش نەکردووە لەم کتێبەدا (لوح المحفوظ یا قورئان دا) پاشان ئەوانە (لە ڕۆژی دوایی دا) لای پەروەردگاریان کۆدەکرێنەوە.

الانعام ٣٨

واته بنچینەی هەمووان دەگەرێتەوە سەر یێك شت کە ئاوە، پاشان قۆناغەکانی دیکە بە شێوەییێکی درێژ رویداون..

پرسیارەکە لێرە ئەوەیە ئادم علیە سلامیش ناگرێتەوە، کە سەرچاوەی سەرەتای ئاو بووە و خۆلەکە بوو بێت بە قور و پاشان جۆری دیکەی قور بەپێی ئەم ئایەتە پیرۆزانە سەرنجی بدە جۆرەکان و قۆناغەکانی و جیاوازیەکانی

التراب والطین و الصلصال ...

التراب..

Faisal Rasul

وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ إِذَآ أَنتُم بَشَرٌ تَنتَشِرُونَ [٢٠]

له نیشانەکانی ئەو (خوایە) کە ئێوەی لە خاك دروست کردووە لە پاش (ماوەیەك) کوتوپڕ ئێوە ئادەمین و بڵاوبوونەتەوە لە زەوی دا.

الطين

ٱلَّذِىٓ أَحْسَنَ كُلَّ شَىْءٍ خَلَقَهُۥ ۖ وَبَدَأَ خَلْقَ ٱلْإِنسَٰنِ مِن طِينٍ [٧]

زاتێکە هەموو شتێکی بە جوانترین شێوە دروست کردووە جا مرۆڤی لە سەرەتاوە لە قوڕ دروست کرد.

قوڕێکی لینج

فَٱسْتَفْتِهِمْ أَهُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَم مَّنْ خَلَقْنَآ ۚ إِنَّا خَلَقْنَٰهُم مِّن طِينٍ لَّازِبٍۭ [١١]

ئینجا لەوانە (ی بێ باوەڕن ئەی موحەممەد(صلی الله علیه وسلم)) بپرسە ئایا ئەوان دروست کراوێکی بەهێزن یا ئەوەی ئێمە دروستمان کردووە (لە ئاسمان و خۆر و زەوی و ...) بەڕاستی ئێمە ئەوان (ئادەمی) مان دروست کرد لە قوڕێکی لینجی جیڕ.

قوڕێکی ترشاو

وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن صَلْصَٰلٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ [٢٦]



Faisal Rasul

سوێندبێ بێگومان ئێمە ئادەمیمان دروست کرد لە قوڕێکی ڕەشی ترشاوی ڕەق.

قورێکی ترشای گلێنە ئاسا..

خَلَقَ ٱلْإِنسَٰنَ مِن صَلْصَٰلٍ كَٱلْفَخَّارِ [١٤]

ئادەمیی دروست کرد لە قوڕێکی وشکەوە بووی وەك سواڵەت.

ئەوانەی دەلێن مەلائیکەت خۆلی سەر زەوی تێکهەل کردی و بردی بۆ ئاسمان پاشان ئادم علیه سلام لێ دروست بوو بێ زەحمەت بە چ بەلگەیێک وادەلێن ؟ کوا ئایەتێك یان فەرموودەیێکی صحیح ؟

---

تێبینی ئەوانەی دەلێن یێکەم جارە شتی وا بلێن کە سەرچاوەی هەموو ژیان لە ئاوە دیارە ئاگاداری زانا موسلمانەکان نین و بێ ئاگان لە زانستەکەیان، وە بۆ زانین من تا ئیستاش ئیڤولوشنی داروینیم پێ قبول نیە، بەلام گریمان ڕاست بێت و ببێت بە حەقیقەتێکی موتلەق هیچ کێشەی نیە لەگەل دەقەکانی

## ئادەم هەلبژێردراوبوو

ئەگەر بگەڕێنیەووە دەقەکانی قورئان وا هەست ئەکەین یان ئەگەری زۆرە پێش ئادەم مرۆڤ بوونی هەبووە هەروەک چۆن خوای گەورە ئەفەرمووێ

۞ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰٓ ءَادَمَ وَنُوحًا وَءَالَ إِبْرَٰهِيمَ وَءَالَ عِمْرَٰنَ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ [٣٣]ال عمران

بێگومان خوا هەڵی بژاردووە ئادەم و نووح وە خانەوادەی ئیبراهیم وە خانەوادەی عیمران بەسەر هەموو جیهانیاندا.

ذُرِّيَّةًۢ بَعْضُهَا مِنۢ بَعْضٍ ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ [٣٤]

نەوەیەکن هەندێکیان لە هەندێکیان کەوتوونەتەوە، وە خوا بیسەری زانایە.

ئەگەر ئادەم علیە سلام لە سەردەمی خۆی بەتنها بووبێت چۆن دەشێت هەلبژێرێت بۆ گەلەکەی ؟ وە بۆچی ناوی لەگەل پێغمبەرانی دیکە هاتووە ؟

ئەم ئایەتە پیرۆزەش پشتراستی مانای ئایەتی پێشوو دەکاتەوە..

وَرَبُّكَ ٱلْغَنِىُّ ذُو ٱلرَّحْمَةِ ۚ إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَسْتَخْلِفْ مِنۢ بَعْدِكُم مَّا يَشَآءُ كَمَآ أَنشَأَكُم مِّن ذُرِّيَّةِ قَوْمٍ ءَاخَرِينَ [١٣٣]

هەر پەروەردگاری تۆ بێ نیازەو خاوەنی میهرەبانی یە ئەگەر بیەوێت لەناوتان دەبات وە کێ ی بوێت دوای ئێوە دەیکاتە جێنشین(ی ئێوە) وەك چۆن ئێوەی لەنەوەی کۆمەڵێکی تر بەدی هێنا.

## ئادەم علیه سلام کرا بە جێنشین

وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ( ٣٠ )

(ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) باسی ئەوە بکە لە دێرین زەماندا) پەروەردگارت بە فریشتەکانی وت: بەڕاستی من دەمەوێت لە زەویدا جێنشینێك دابنێم (بۆ ئاوەدانی و دینداری)، فریشتەکان وتیان: ئایا کەسێکی تیادا دەکەیتە جێنشین کە خراپەو تاوانی تیادا بچێنێت و خوێنرێژی تێدا ئەنجام بدات؟! لەکاتێکدا ئێمە تەسبیحات و سوپاس و ستایشت دەکەین و قەدرو ڕێزی تۆ چاك دەزانین و بەدوورت دەگرین لەو شتانەی شایستەی تۆ نین، (لەوەڵامیاندا) خوا فەرمووی: بێگومان ئەوەی ئێوە نایزانن من دەیزانم.

لێرە پرسیارێک دێتە پێش باشە مەلایکەت چۆن زانی مرۆڤ خوێن ئەرێژێت و فەساد بلاو دەکاتەوە ئەگەی پێشتر شتێکی وایان نەبینیبت ؟؟! خۆ ئەوان علمی غەیبیان لا نیە ؟؟ چونکە خوای گەورە ئەفەرمووێ هیچ کەس علمی غەیب نازانێ جگە لە خوا ، ئەگەر بلێین ئەوان جنیان بینیوە کەپێش مرۆڤ خوێنیان ئەرێشت و فەسادیان بلاودەکردەوە خۆ مرۆڤ زۆر جیایە لەگەل جنەکان لە زۆر شت ئەی بۆ مەلایکەت گومانی باشی نەدەبرد بە مرۆڤ وە وا هەستیان نەدەکرد کە وەک مەلایکەت باش ئەبوون بۆ خەیالیان بۆ ئەوە ئەچوو کە وەک جنۆکەکان خراب بن، بۆیە ئەمەش ئەگەرێکی بەهێز نیە .

لێرە پرسیارێک دێتە پێشەوە باشە چۆن ئەزانی مرۆڤی پێش ئادەم نەماون و لەناو چوون ، وەلامیش بۆ ئەمە فەرمووده‌یێکی پێغمبەرە کە ئەفەرمووێ کلکم من ادم و ادم من تراب ، واتە هەمووتان لە ئادەمن ئادەمیش لە خۆلە ، هەرچەندە هەندێک زانا ئەڵێن کل بۆ ڕێژەی زۆریە نەک بۆ هەموو.

زۆر کەس ئەلێ ئادەم جێنیشینی خوایە بەلام نە لە قورئان نەلە حەدیس ئەمە نالێت بەلکوو رای هەندێک بەرێزە بۆیە ئەکرێ نەیانپێکابێت لەم بابەتە .

با نموونەیێکیش بێنینەوە

خودا ئەفەرموێ جێنشین

کەواتە مرۆڤ هەبووە پێشتر

خلیفە بۆ جێگرەوەیە ئەبوبەکر و عمر و علی و عوسمان (ر.خ) خەلیفە بوون واتە جێگرەوە خوداش بیمەبەست بە خەلیفە ناوی ئادەم نابا . جێنیشینی پێغمبەر ابوبکر بوە جێنیشینی ابوبکر عـمر بووە جێنیشینی عمر عوسمان بووە جێنیشینی عوسمان علی بووە خوای گەورە لە هەمووان خۆش بێت واتە جێنیشینی هەمووان مرۆڤ بووە لە شوێنی مرۆڤێکی دیکە بۆیە ئەکرێت ئادەمیش جێنیشینی مرۆڤێک بێت کە لەناو چووە بەهەر هۆکارێک بێت .

---

تێبینی ئەوەی دەلێم تەنها ئەگەر ئەکرێ هەلە بم وە شتێکی دیکە مەرج نیە ئەوانەی پێش ئادەمیش بە شێوەی ئیڤولوشن دروست بووبن ئەکرێ ئەوانیش وەک ئادەم خەلق کرابن یان رێگای جیاوازتر ، چونکە من تا ئەم خولەکەش باوریم بە ایڤولوشن نیە چونکە کۆمەلێک شت ناتوانێ وەلام بداتەوە و دورە لە عەقل .

## ئینسان یان بەشەر

لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز ئەگەر سەیری بکەین دەبینین جیاوازی هەیە لەنێوان ئینسان و بەشەر دەکرێت، سەیری ئەم ئایەتە پێرۆزانە بکەین

وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن صَلْصَٰلٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ [٢٦]

سوێندبێ بێگومان ئێمە ئینسانمان دروست کرد لە قوڕێکی ڕەشی ترشاوی ڕەق.

لێرە باسی ئینسان دەکات ...پاشان باسی ئەجنەکان دەکات، لە ئایەتی دواتر

وَٱلْجَآنَّ خَلَقْنَٰهُ مِن قَبْلُ مِن نَّارِ ٱلسَّمُومِ [٢٧]

جنۆکەشمان پێشتر دروست کرد لە ئاگرێکی بەتین.

پاشانی باسی بەشەر دەکاتن و دەفەرمووێ..

وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّى خَٰلِقٌۢ بَشَرًا مِّن صَلْصَٰلٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ [٢٨]

بیریان بخەرەوە کاتێك پەروەردگارت بە فریشتەکانی فەرموو بەڕاستی من بەشەرێك دروست دەکەم لە قوڕێکی ڕەشی ترشاوی ڕەق.

پاشان لە ئایەتی دواتر باسی روح لەبەرکردنی دەکات و دەفەرموویَ:

فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِى فَقَعُوا۟ لَهُۥ سَٰجِدِينَ [٢٩]

هەرکاتیَ رِیَك و پیَكم كرد و فوم پیَداكرد لە گیانی (تایبەتی) خۆم دەبیَ یەكسەر سوژدەی بۆ بەرن.

سەیری ئایەتەكانی دیكە بكەین و خوای گەورە بە بەشەری هیَناوە و دەفەرموویَ:

قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَىَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ۖ فَمَن كَانَ يَرْجُوا۟ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا [١١٠]

بەلاَم سرووشم بۆ دیَت بەراستی پەروەردگاری ئیَوە پەروەردگاریَكی تاك و تەنیایە جا هەر كەس بەتەمایە بەخزمەت پەروەردگاری بگات (لە قیامەتدا) ئەوە با كردەوەی چاك بكات وەك لە پەرستنی پەروەردگاری دا كەس نەكات بەهاوبەشی.

فَقَالَ ٱلْمَلَؤُا۟ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦ مَا هَٰذَآ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُرِيدُ أَن يَتَفَضَّلَ عَلَيْكُمْ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَأَنزَلَ مَلَٰٓئِكَةً مَّا سَمِعْنَا بِهَٰذَا فِىٓ ءَابَآئِنَا ٱلْأَوَّلِينَ [٢٤]

جا وتیان ئەو پیاو ماقولاَنەی كە بیَ باوەرِ بوون لە هۆزەكەی (نووح) ئەم (نووح) ە تەنها كەسیَكە وەك ئیَوە دەیەویَت خۆی بكاتە گەورە بەسەرتانەوە ئەگەر خوا بیویستایە (پیَغەمبەریَك بنیَریَ) فریشتەی دەناردە خوارەوە ئیَمە شتی وامان نەبیستووە لە باوو باپیرە پیَشووەكانمانەوە.

فَقَالُوٓاْ أَنُؤۡمِنُ لِبَشَرَيۡنِ مِثۡلِنَا وَقَوۡمُهُمَا لَنَا عَٰبِدُونَ [٤٧]

ئینجا وتیان ئایا ئێمە بە دووكەسی وەك خۆمان باوەڕبێنین لە كاتێكدا گەلەكەیان (بەنی ئیسرائیل) ئێمە دەپەرستن گەردن كەچن بۆ ئێمە.

واتە دوای روحكرنە بەری كراوتە جێنشین بوون، واتە بەكورتی پێشتر مرۆڤ هیچی لەسەر نەبوو و هیچ پێغمبەرێكی بۆ نەهاتبوو و تەنها انسانێک بوو وەک گیانەوەرانی ئێستا هیچی لەسەر نەبوو بەلام دوای كران بە جێنشینی پێغمبەری بۆدێت و روحی جێنشینی پێ دەبەخشێت وەک لە ئایەتەكە ئاماژەی پێكراوە، هەر ئەم روحكرنە بەرەش و كرانە بە جێنشین خوا رێزی بۆ مرۆڤ دانا و فرمانی كرد بەوەی مەلائیكەت و شەیتان سوجدەی بۆ ببەن.



Faisal Rasuli

**تێکردنی روح ئێمەی کردە جێنشین**

ثُمَّ خَلَقْنَا ٱلنُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا ٱلْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا ٱلْمُضْغَةَ عِظَٰمًا فَكَسَوْنَا ٱلْعِظَٰمَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَٰهُ خَلْقًا ءَاخَرَ ۚ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَٰلِقِينَ [١٤]

دواتر نوتفەکەمان کرد بە خوێنی مەیبو ئینجا خوێنە مەییوەکەشمان کرد بە پارچە گۆشتێکی جوواو ئینجا ئەویشمان کرد بە ئێسقان ئینجا بە گۆشت (پەیکەرە) ئێسکەکەمان داپۆشی پاشان ئەومان کرد بە دروست کراوێکی تر جا گەورە و پیرۆزە ئەو خوایەی کە چاکترینی بەدی هێنەرانە.

المومنون

فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِى فَقَعُوا۟ لَهُۥ سَٰجِدِينَ [٢٩]

هەرکاتێ ڕێك و پێکم کرد و فوم پێداکرد لە گیانی (تایبەتی) خۆم دەبێ یەکسەر سوژدەی بۆ بەرن.

الحجر

فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِى فَقَعُوا۟ لَهُۥ سَٰجِدِينَ [٧٢]

ئینجا کاتێ شێوەکەیم ڕێك خست و لە ڕۆحێ (کە خاوەنی) خۆمم کرد بەبەریدا ئەوسا هەموو بە سوژدە بردن بۆی بکەون بە ڕوودا.

سورەتی ص ٧٢

## حەوا لە پەراسووی ئادەم نەبووە

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا [١]النساء

ئەی خەڵکینە خۆتان بپارێزن لە(سزای) پەروەردگارتان ئەوەی کە دروستی کردوون لەیەک کەسەوە(کە ئادەمە) وە هەر لە ئەویش هاوسەرەکەی درووست کردووە و بڵاوی کردۆتەوە لەو دووانە پیاوانی زۆر هەروەها ئافرەتان خۆتان بپارێزن لەو خوایەی کە بەناوی ئەوەوە داوا دەکەن لە یەکتر وە(خۆتان بپارێزن لە بچڕاندنی) خزمایەتی بەڕاستی خوا هەمیشە چاودێرە بەسەرتانەوە.

وە شعراوی لە تەفسیرەکەی دەڵێت ئەمە خەڵک بە هەڵە لێی تێگەیشتووە بەوەی کە حەوا لە پراسوی ئادەم دروستکراوە، بەڵکو ئەم ئایەتە مانای وایە لە هەمان رەگەز( رەگەزی مرۆڤایەتی ) بە بەڵگە ئەم ئایەتە پیرۆزە:

لَقَدْ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ [١٢٨]التوبە

سوێند بەخوا بەڕاستی بۆتان هاتووە پێغەمبەرێك لە خۆتان قورس و گرانە بەلایەوە ناڕەحەتی و ناخۆشی ئێوە زۆر سوورە لەسەر (باوەڕ هێنان) تان بۆ بڕواداران دڵسۆز و میهرەبانە.

حەدیسێکی صحیحش هەیە کە لە بوخاری دایە وئەو حەدیسە باسی حوا ناکات و باسی ئافرەتان بەگشتی دەکات وە ئیمام ئەلبانی دەڵێت ئەمە تەنها تشبیهـ کردنە نەک مانای ئەوەبێت کە ئافرەت لە پەراسووی ئادەمە علیە سلام، ئەو ئایەتەی سەرەتاش باسی دەکات لەم لینکەی خوارەوە پێشتر باسمانکرد کە باس لە بنچینەی مرۆڤە.. بۆ درێژی بابەتەکە سەیری لینکی خوارەوە بک.

سەرچاوە: /http://www.alukah.net/sharia/0/97032

شێخ شعراوی باسی فەرموودەکە دەکات

https://youtu.be/4GDzG30pOIs

پرسیارێك دەکرێت ئەی ئەم شتە لەکوێ سەرهەلدا و مامۆستایانی مزگەوت زۆربەیان باسی دەکەن، ئەگەر سەیری تەورات بکەین و لە سفر تکوین باسدەکات کە حەوا لە پەراسوی ئادەمە، واتە شتەکە پەیوەندی نیە بە ئیسلام، چونکە لە قورئان و سونەت باسنەکراوە..

دەقی تەورات:

(٢١ فأوقع الرب الاله سباتا على ادم فنام، فأخذ واحدة من أضلاعه وملأ مكانها لحما. ٢٢ وبنى الرب الاله الضلع التي اخذها من ادم امرأة واحضرها الى ادم. ... ٢٥ وكان كلاهما عريانين، ادم وامرأته، وكانا لا يخجلان) التكوين ٢

## زەوی گۆرەپانی روداوەکان بووە

خوای گەورە دەفەرمووێ:

وَيَٰٓـَٔادَمُ ٱسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ ٱلْجَنَّةَ فَكُلَا مِنْ حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ [١٩]

وە(ووتمان) ئەی ئادەم تۆو هاوسەرەکەت نیشتەجێ ی بەهەشت بن بخۆن لە هەرچی کە ویست و حەزتان لێ بوو بەڵام نزیکی ئەو درەختە مەکەونەوە ئەگینا لە ستەم کاران دەبن.

الاعراف ١٩

بۆ ئەوەی لەمانای ئایەتەکە بگەین دەبێت بزانین وشە الجنة چیە و بۆچی بەکاردێت، ئەگەر سەیری قاموسەکان بکەین دەبینین بۆ باغێکی خۆش و جوان بەکاردێت و پێی دەڵێن الجنة، واتە مەرج نیە تەنها بۆ ئەو بەهەشتە بەکاربێت کە رۆژی دوای ئیمانداران دەرۆنە ناوی.

سەرچاوە: https://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar/%D8%AC%D9%86%D8%A9/



Faisal Rasull

ئەوانەی دەڵێن خوای گەورە لە بەهەشت فەرمانی کرد بە روداوەکان و و ئەو روداوانە هەمووی لەوێ بوون، ئەم ئایەتە دەکەنە بەڵگە بەوەی وشەی اهبطوا تیایە کە خوای گەورە دەفەرمووێ:

فَأَزَلَّهُمَا ٱلشَّيْطَٰنُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ ۖ وَقُلْنَا ٱهْبِطُوا۟ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ ۖ وَلَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ [٣٦]

ئینجا شەیتان هەڵی خەڵەتاندن لە بەهەشتدا وەلەو خۆشگوزەرانیەی کە تێیدابوون دەری پەڕاندن وە وتمان: (بە ئادەم وحەواو شەیتان) بچنە خوارەوە هەندێکتان دوژمن ئەبن لەگەڵ هەندێکتاندا وە بۆتان هەیە جێگیربوون لەسەر زەوی وە بەهرەمەندی(و ئارەزووی دونیا) تاماوەیەک.

لێرە اهبطوا بەو مانایە نایێت کە ئەوان لێکدانەوەی بۆدەکەن کە مەرج بێت تەنها لە بەرزای بێت و دابەزن، ئەگەرنا خۆ بۆ موسا علیە سلام هەمان وشە بەکارهاتووە لەگەڵ قەومەکەی خۆ ئەوان هەر لەسەر زەوی بوون وەک چۆن خوای گەورە باسی دەکات و دەفەرمووێت:

ۚ ٱهْبِطُوا۟ مِصْرًا فَإِنَّ لَكُم مَّا سَأَلْتُمْ ۗ وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ ٱلذِّلَّةُ وَٱلْمَسْكَنَةُ وَبَآءُو بِغَضَبٍ مِّنَ ٱللَّهِ ۗ [٦١]

دابەزن بۆشارێک(لەم شارانەی فەلەستین) چونکە بەڕاستی چیتان داوا کردوە دەستتان دەکەوێت وە درابەسەریاندا ڕیسوایی و بێ نەوایی ( هەژاری) وە خەشمی خوایان بۆخۆیان هێنایەوە

البقرە ٦١

FaisalRasul

چەند بەڵگەییێکمان هەیە کە دەیسەلمێنێت ئادم علیە سلام لەسەر زەوی بووە، لەوانە خوای گەورە دەفەرمووێ:

وَٱللَّهُ أَنۢبَتَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ نَبَاتٗا [١٧]

وە خوا ئێوەی ڕوواندووە لە زەوی بە ڕوواندن.

نوح ١٧

ئایە ئادم علیە سلام پێکێک نیە لە ئێمە ؟

لە ئایەتێکی دیکە خوای گەورە دەفەرمووێت:

مِنۡهَا خَلَقۡنَٰكُمۡ وَفِيهَا نُعِيدُكُمۡ وَمِنۡهَا نُخۡرِجُكُمۡ تَارَةً أُخۡرَىٰ [٥٥]

لەم زەویە دروستمان کردون دووبارە دەتانگێڕینەوە ناو زەوی (بە مردوویی) جارێکی تر لەو زەوی یە دەرتان دێنینەوە بە زیندوویی بۆ لێپرسینەوە.

طە ٥٥

ئەم ئایەتەش بەڵگەیێکی روون و ئاشکرایە بەوەی مرۆڤ لەسەر زەوی بووە .

بەڵگەیێکی دیکەش کە پێکەم کەس دەروات بۆ بەهەشت و دەرگای بۆ دەکرێتەوە پێغمبەری نازدارمانە و وە پێشتر ئەم دەرگایە بۆ هیچ کەسێک نەهاتووە و فەرموودەکەش صحیحە



Faisal Rasul

رواه الإمام مسلم أنّه أوّل من يدخل الجنّة من النّاس، قال :(آتي باب الجنّة يوم القيامة فاستفتح، فيقول الخازن من أنت ؟ فأقول: محمّد، فيقول : بك أمرت لا أفتح لأحدٍ قبلك )، وفي الحديث الآخر الذي رواه الإمام أحمد وفيه (أنا سيد بني آدم يوم القيامة ولا فخر، وأنا أوّل من يدخل الجنّة يوم القيامة ولا فخر )، فالنّبي عليه الصّلاة والسّلام قطعًا هو أوّل رجلٍ يفتتح دخول الجنّة بفضله على النّاس ومقامه عند ربّ العالمين، ثمّ يدخل أولي العزم من الأنبياء الذين اصطفاهم الله على عباده بالرّسالة والنّبوّة.

Faisal Rasuli

**قابیل و هابیل**

زۆرێک لە ماموستا و بانگخوازان باسی روداوەکانی قابیل هابیل دەکەن وەک ئەوەی زۆرجار لە قورئان و سونەت باسکرابێت، بەلام ئەگەر سەیری سەرچاوەکان بکەین لە قورئان بەم ناوانە نەهاتوون وە لە فەرموودەش بوونیان نیە بەم ناوانە..

شێخ صالح المعافسی، دەلێت هیچ دەلیلێك نیە لە سونەتدا بلێت ناوی کورەکانی ئادم علیه سلام قابیل و هابیل بوونە

https://youtu.be/mnUuyXe21l4

سایتی سەلەفیە بەرێزەکان

http://www.anasalafy.com/play.php?catsmktba=47184

سایتی فەرمی اسلام ویب

http://fatwa.islamweb.net/fatwa/index.php?page=showfatwa&Option=FatwaId&Id=99707



Faisal Rasul

کەواتە ئەو ریوایەتانەی باسی دەکرێن مال نینە بەسەر ئیسلام، بەلکو لە پەرتوکەکانی ئیسرایلیەکان هاتووە و ئێمەش نەدەلێین درۆن و راست ناکەن نە دەیکەینە مال بەسەر ئیسلامەوە.

لا يوجد دليل صريح على أن اسمي ابني آدم قابيل وهابيل - الشيخ صالح المغامسي

اشترك وفعل التنبيهات في قناة الشيخ صالح المغامسي لكي يصلك كل جديد
https://bit.ly/2jnbttJ برنامج العرجون القديم - الحلقة ( ٢١ ) - الإيضاح

**وصل الله على محمد**



Faisal Rasull